سەید حەکیم لە کڵێسەی مار کۆرکیس پیرۆزبایی لە رۆژ لەدایکبوون دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە کریستیانەکان ڕەچەڵەکێکی رەسەنی عێراقن

ammaralhakeem.com

لەکڵێسەی مار کۆرکیس لەناوچەی بەغدای نوێ بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەرۆژی 25ی 2025 پیرۆزبایی لە برا کریستیانەکان کرد بەبۆنەی هاتنی ساڵی میلادی نوێ و رۆژی لەدایك بوون، دووپاتیشی کردەوە کە لەدایکبوونی سەیدی مەسیح (سلاوی لە بێت لەگەڵ پێغەمبەری خۆمان) وەك پەیامەکی مرۆڤایەتییە بۆ هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و تەنها بۆ یەك لایەن یان یەك ئاینی دیاری کراو نییە.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە قورئانی یرۆز باسی سەیدی مەسیحی کردوە (سلاوی لە بێت) بەدرێژی بەتایبەتی موعجیزەی لەدایکبوونی و ئەو گوتەیەی کە پەرستنی خودا ڕادەگەیەنێت، لەگەڵ پابەندبوونی بە نوێژکردن و رۆژوو و کاری باش دوور لە زۆرە ملێی، ئەوەش سیستەمی ئەو بەها ئەخلاقیانە دەردەخات کە سەرجەم پەیامە ئاسمانییەکان تێیدا هاوبەشن..

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە ئەو بەهایانە پێگەی خێزان و رەتکردنەوەی توندوتیژی خێزانی و هەموو جۆرە توندییەکاین بەرامبەر ئافرەت بەکاردێت ڕەت دەکاتەوە، داواش دەکات ڕووبەڕووی ئەو بەرپرسیارێتییە هاوبەشە ببنەوە، هەروەها لەسەر ڕێگای سەیدی مەسیح (سلاوی لە بێت) برۆن لەڕەووی لێ بوردەیی و خۆشەویستی و بنیاتنانی مرۆڤ.

سەید حەکیم گوتیشی پێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی رەسەنی عێراقن و داخی خۆی دەربڕی بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەك لە رۆڵەکانیان و داوای کرد هان بدرێن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمن و سەقامگیری هەیە و لە هەڵبژاردنەکانیش سەرکەوتن بەرقەراربوو، ئێستاش هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی حکومەت پێك بهێنرێت بەپێی ڕێنماییە دەستوورییەکان.